محەمەد بن سەلمان و سەرکی ئێران لەسەر دۆخی غەزە گفتوگۆیان ئەنجامدا

سەرکی ئێران ئیبراهیم ڕەئیسی ڕۆژی چوارشەمە (11ـی تشرینی یەکەمی 2023) یەکەم پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ شازادەی جێنشینی سعودیە محەمەد بن سەلمان ئەنجامدا، دوای ئەو توندوتیژییە کوشندەیەی لە ماوەی سێ ڕۆژدا لە نێوان سوپای ئیسرائیل و چەکدارانی حەماس لە کەرتی غەزە ڕوویدا.

میدیاکانی ئێران ڕایانگەیاند کە سەرکی ئێران و شازادەی جێنشینی سعودیە باسیان لەوە کردووە کە پێویستە کۆتایی بە تاوانەکانی جەنگ لە دژی فەلەستینییەکان بهێنرێت کە ئێستا لە کەرتی غەزە ڕوودەدات.

هەروەها بن سەلمان لە میانەی پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا کە لایەن سەرکی تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆگانەوە پێی گەیشتووە جەختی لەوە کردووە کە "پێویستە هەرشەکە بە سەر کەرتی غەزە بوەستێنرێت و ئاماژەی بە هەوەستی وەاتەکەی کرد لە پشتیوانیکردنی پرسی فەلەستین".

بن سەلمان جەختی لەوە کردووە کە هەوەستی شانشینی عەرەبستانی سعودیە دژی هەر شۆڕشێکی جەنگە کە خەڵکی مەدەنی تێیدا بە ئامانج دەگرێت و زیان بە ژیانی بێتاوان دەگەیەنێت و جەختیشی کردووە لەسەر پێویستی ڕێزگرتن لە بنەماکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی.